## له بڕیارو پەسەندکراوەکانی پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

### قەدردانی پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
### له لیدەرو مەکتەبی سیاسی حزب

(بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا)

ڕووداوەکانی ناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران کەسەرەنجام بوو بە هۆی جیابوونەوەی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی خستە بەردەم هەڵبژاردنێکی سیاسی چارەنووسسازو مێژووییەوە.

لەو پەیوەندەدا پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی بەو هۆیەوە کە:

1- بەرلە جیابوونەوە لیدەری حزبو مەکتەبی سیاسی لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو سەرجەم بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری هەوڵو کۆششو دەخالەتێکی سیاسی بەرچاوو مەسئولانەیان نیشاندا بۆ بەرگرتن بە لێکترازانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو لاوازکردنی بزووتنەوەکەمان.

2- کاتێکیش کە هەموو ڕێگاکان بەرووی هەوڵی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا داخرا بۆ بەرگرتن بە لێکترازانی حزبو، سەرەنجام جیابوونەوەیەکی نەخوازراو لەلایەن ڕەوتی چەپی حاشیەییەوە بەسەر حزبو بزووتنەوەکەماندا سەپێنرا، دیسانەوە چ لیدەری حزبو چ مەکتەبی سیاسی لەدرێژەی هەڵوێستگیری مەسئولانەی پێشوودا دووبارە هەڵوێستێکی بەجێو دروستی گرتەبەرو لەپاڵ ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری کە ناچارکرابوون لە حزب جیاببنەوەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست پێکبهێنن وەستا، بەو هەڵوێستەش تەوازنی هێزی بەقازانجی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری گۆڕیو کاریگەریە زیانبارەکانی ئەم لێکترازانەی بزووتنەوەکەمانی تا ڕادەیەك کەم کردەوە.

بۆیە پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی تەقدیری خۆی ئاراستەی هەوڵو دەخالەتو هەڵوێستگیری هاوڕێ ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حزبو مەکتەبی سیاسی دەکات.

### قەدردانی پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
### له کورشی مودەڕسی

(بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا)

پلنیۆمی پانزەهەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق هەوڵو کۆششو دەروی بەرچاوی هاوڕێ کورشی مودەڕسی لە دیفاع لە مارکسیزمو حیکمەتیزم لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانو لەئاستی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا، وە بەتایبەتی لە ماوەی دوای کۆچی هاوڕێ منصور حکمت بەرزدەنرخێنێو قەدردانی لێدەکات.

### بڕیار سەبارەت بە:
### سیاسەتی تێکدەرانەی ڕابەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لەدژی حزبمانو تێکدانی پەیوەندیو هاوخەباتی نێوانمان

(بەتێکڕای دەنگ پەسەندکرا)

- سیاسەتی تێکدەرانەو دژایەتیکەرانەی ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لەدژی حزبمانو هەوڵی هەمەلایەنەیان بۆ لێکترازانی ڕیزەکانمان، هەروەها بەرێخستنی پڕوپاگەندەی دوژمنکارانەیان بۆ لێدان لە ئیعتبارو ناوزڕاندنو لاوازکردنیو، کردنی کۆنگرەی پێنجەمیان بە مینبەری بڕیاردان لەدژی حزب، سیاسەتێکی بێپاساوی دژی کۆمۆنیستییەو مەحکومە.

- ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران بەتێکدانی هەموو ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوو حزبو ڕوخاندنی بنەماکانی ئەم پەیوەندییەی نێوان هەردو لامان، مەسئولییەتی تێکدانی پەیوەندی نێوان هەردوو حزبیان دەکەوێتە ئەستۆ.